# پشتیوانی له یه‌کیتی بیکاران و فدراسیۆنی شوراو یه‌کیتی کرێکاریه‌کانی عیراق به‌رده‌وامه

له به‌رده‌وامی کارو چالاکی یه‌کانی تۆری نوێنه‌رایه‌تی یه‌کیتی بیکاران و فدراسیۆنی شورا و یه‌کیتی کرێکاریه‌کانی عیراق ،رۆژی 24-1-2005 وه‌فدیکی نوێنه‌رایه‌تی له به‌ریتانیا له له‌نده‌ن که‌پێك هاتبوو له (هۆزان محمود ،ده‌شتی جه‌مال) چاویان که‌وت به‌هه‌ردوو (مارك ئۆسبۆن ،ساشا ئیسماعیل ) له رێکخراوی رزگاری کرێکارو ( NO SWEAT CAMPEING) ،له‌م چاو پێکه‌وتنه‌دا سه‌ره‌تا وه‌فدی ناوبراو له‌سه‌ر گالته‌جاری هه‌ڵبژاردنه‌كانی عیراق و کوردستان لیدوانیان کرد وه هه‌روه‌ها له سه‌ر کۆنگره‌ی فدراسیۆنی شوراو یه‌کیتی کرێکاریه‌کانی عیراق له به‌سراو وه ستانه‌وه‌یان به‌رامبه‌ر به‌داگیر کاری عیراق و قانوونی کاری کرێکاری له لایه‌ن کرێکاران خۆیانه‌وه نوسراوه باس کرد وه هه‌روه‌ها له‌سه‌ر کۆنفرانسی به‌غدا له کۆتایه‌کانی مانگی دوو وه و پێویستی پشتیوانی له‌بزووتنه‌وه‌ی کرێکاری عیراق و نه‌خشیان له ئلینده‌دا تاکید کرد ،به‌ریزان (ساشاو مارك ) رایان گه‌یاند ئاماده‌ن کۆمه‌کی یه‌کیتی بیکاران فدراسیۆنی شوراو یه‌کیتی کرێکاریه‌کانی عیراق بکه‌ن و نه‌خشه دارێژن بۆ ئاینده بۆ هینانی کۆمه‌کی مالی و هاوکاری بزووتنه‌وه‌ی کرێکاران له عیراقیدا وه 250 پاوه‌ندیان کۆمه‌ك به کۆنفرانسی به‌غدا کرد .

رۆژی 31-1 ده‌شتی جه‌مال چاوی که‌وت به به‌ریز(OWEN TUDOR) به‌رپرسیاریك له به‌شی (TUC) یه‌کیتی سه‌رتاسه‌ری کرێکاری یه‌کانی به‌ریتانیا له‌م چاو پێکه‌وتنه‌دا له‌سه‌ر ده‌عوه‌تی (فلاح علوان) سکرتیری فدراسیۆنی شورا ویه‌کیتی کرێکاریه‌کانی عیراق بۆ له‌نده‌ن بۆکۆنفرانسی یه‌کیتی کرێکاریه‌کان له‌سه‌ر وه‌زعیتی کرێکاران و یه‌کیتی کرێکاریه‌کان له‌عیراق قسه‌و باسکرا ،له‌سه‌ر په‌یوه‌ندی به‌رده‌وامی ( ئاسۆ جه‌بار) به‌رپرسی تۆری نوێنه‌رایه‌تی یه‌کیتی بیکاران و فدراسیۆنی شورا ویه‌کیتی کرێکاریه‌کانی عیراق له ده‌ره‌وه له‌په‌یوه‌ند به‌سه‌ر دانی فلاح علوان بۆ یابان و جنیف باسکرا ، وه بریاردرا که له‌گه‌ل هاتنی فلاح علوان کۆبوونه‌وه به به‌رێکخراوی کاری جیهانی له له‌نده‌ن (ILO) وه هه‌روه‌ها یه‌کیتی کرێکاری (T&G) به‌شی هاتوچۆ و یه‌کیتی کرێکاری بیکاران و چه‌ند رشته‌ی تری بۆ ساز بدرێ له‌سه‌ر دانه‌که‌ی (فلاح علوان ) دا بۆ له‌نده‌ن.

رۆژی 4-5 وه‌فدیکی نوێنه‌رایه‌تی یه‌کیتی بیکاران و شوراو یه‌کیتی کرێکاریه‌کان له له‌نده‌ن که پێك هاتبوو له(هۆزان محمود ،ده‌شتی جه‌مال) چاویان که‌وت به (مارتین تۆماس) له رێکخراوی رزگاری کرێکار تۆسۆیت که‌مپین ،له‌م دیداره‌دا هه‌ردوولا له‌سه‌ر دارشتنی به‌رنامه بۆ سه‌ردانی ( فلاح علوان) سکرتیری فدراسیۆنی شورا ویه‌کیتی کرێکاریه‌کانی عیراق قسه‌و باسیان کرد و بریار درا ،چاوپێکه‌وتنی له ئاستی رۆژنامه‌کانی به‌ریتانیا بۆ دابنرێ وه هه‌روه‌ها کۆبوونه‌وه‌یه‌ك بۆ ی له‌گه‌ل هه‌ڵسوراوانی یه‌کیتی کرێکاریه‌کانی به‌ریتانیا ،دانانی جه‌له‌سه بۆ فلاح علوان له‌نیو قوتابیانی زانکۆ کانی له‌نده‌ن ،دانانی شه‌ویکی هاوپشتی له‌گه‌ل کرێکاریانی عیراق .

به‌م شێوه‌یه پشوازی له‌هاتنی (فلاح علوان) له‌عیراقه‌وه بۆ به‌ریتانیا به‌رده‌وامه.

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق \رێکخراوی به‌ریتانیا**
**تۆری نوێنه‌رایه‌تی یه‌کیتی بیکاران وفدراسیۆنی شوراو یه‌کیتی کرێکاریه‌کانی عیراق له به‌ریتانیا**
2005-2-5